حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

حكومة أقليم كوردستان
وزارة الزراعة والموارد المائية

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران

# بەڕێوەبەرایەتی باخداری

## بەرنامەی کاری ڤیستیڤاڵی گژو گیای بەهارە لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران

**تەوەری یەکەم : ناوی گژوگیا بەهاریەکان کە بەگشتی لەسنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران هەن :**

( کەنگر ، کاردی ، تۆرکە ، ڕێواس ، قوزەرە ، گۆرمزە ، ستریلک ، خەرتەلە ، پەلکەمێو ، جاترە ، پونگ ، هەندرێشە ، بەرپینە ، قوارگ ، دۆمبەلان ، نێرگز ، چەقەلە باوی ، بێزا ، گوڵ شلێر ، کاشمە ، پێقەلە ) .

وێنە و ناوی باو و ناوی زانستی و شوێنی بنەڕەتی بۆ( ١٥ ) لەم گیابەهاریانە لەسەر ستاند بنوسرێت و لەگەڵ نوسینی چەند سود و بەکارهێنانی گیایەکە بەجۆرێک کە لەسەرهەرستاندێک سێ گیای لەسەر بنوسرێت ، کە کۆی گشتی ستاندەکان دەبێتە پێنج ستاند .

**تەوەری دووەم : لایەنە بەشدار بووەکان**

١. کارگەی ئاوتگی گیایی بەهار لە سلێمانی .
٢. کارگەی قوتوبەندی هەریر .
٣. کارگەی شیرەمەنی زۆم .
٤. کارگەی شیرەمەنی ڕامی فارم .
٥. کارگەی زەیتی کاشۆ لە سلێمانی .
٦. هەنگوینی ئەصڵی وەرتێ ، ناحیەی وەرتێ.
٧. هەنگوینی (بی هەنی _ BHoney ) سۆران _ شانەدەر .
٨. کارگەی بەهاراتی فامیلی لە هەولێر .
٩. گیادەرمانی سروشتی گەڵاڵە ( مەلا خدر ) لە سۆران.
١٠. بەرهەمەکانی شلێر ( شلێر خان ) لە ڕواندز .
١١. گیابەهاریەکان لەلایەن خەڵک .
١٢. کارگەی گۆشتی کەورین لە سۆران .
١٣. پەیمانگای تەکنیکی تایبەتی ڕواندز .
١٤. بنێشتی کوردی کەژ ( بەرهەمی خۆماڵی کەژ ) لە هەڵەبجە.
١٥. مؤسسة وهج المعرفة التعليمية المهنية ، لە بەغدا .
١٦. زیوت وأعشاب الآغا ن لە شاری موسڵ .

١٧. شركة أبواب الشفاء لتراكيب الأعشاب لەشاری نەجەف .

١٨. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین / هەولێر .

١٩. هەنگوینی سروشتی چیای شەکیو .

**تەوەری سێ یەم : پێشکەش کردنی چوار پانێڵ بەم ناونیشانانەی خوارەوە**

١. گرینگی گژوگیای بەهارە لەڕوی تەندروستیەوە بۆ مرۆڤ لەلایەن بەرێز دکتۆر ( بەدر قادر سورچی ) .

٢. بەپیشەسازی کردن و بازاڕکردن و بەبراند کردنی گژو گیا سروشتیەکان لەلایەن ( بەهاراتی فامیلی ) .

٣. گژوگیای بەهارە وەکو سەرچاوەی دروست کردنی داوو دەرمان لەچارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی مرۆڤ لەلایەن (پەیمانگای تەکنیکی تایبەتی ڕواندز ) .

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژینگەیی لەپێناو پاراستنی گژوگیای بەهارە بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە سیستەمی هەمەجۆری ژینگەیی_Eco biodiversity system لەلایەن پسپۆڕی ڕووەکناس وە مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر ، کۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتوکاڵیەکان بەرێز دکتۆر (عەلی مەلا گەڵاڵی ) .

ئەم چوار کەسایەتیانەی کەپانێڵەکانیان پیشکەش دەکەن لەڕێگەی تەلەفۆن بانگهێشت کراون بۆ ڤیستیڤاڵەکەمان .

**تەوەری چوارەم : شێوازی بەڕێوەچونی ڤیستیڤاڵ**

١. ئەم ڤیستیڤاڵە لە پارکی گوڵان بەڕێوەدەچێت کەدەکەوێتە سەنتەری قەزای سۆران ، قۆناغی یەکەمی دەست پێکردنی ڤیستیڤاڵ لەهۆڵی داخراوی پارکەکە دەبێت کە تیایدا میوانان و گشت ئامادەبوان لەسەر یەک کورسی تاکە کەسی دادەنیشن ڕوو بەڕوی مەنەسە و ستەیج وە هیچ مێزی ئاسایی لەبەردەمیان نابێت ، تەنها یەک کەس لەسەر ستەیج و مەنەسە دەبێت .

٢. سەرەتای دەست پێکردن : ووتەی بەخێرهاتن لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سۆران پێشکەش دەکرێت .

٣. ووتەی بەرێز جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەیان ووتەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران پێشکەش دەکرێت .

٤. ناوەڕۆک و بەرنامەی کاری ڤیستیڤاڵ لەلایەن سەرپەرشتیاری ڤیستیڤاڵ پێشکەش دەکرێت .

٥. پێشکەش کردنی چوار پانێڵ لەلایەن پسپۆڕانی تایبەت بەخۆیان کە لەتەوەری سێ یەم لەسەرەوە باس کراوە کە لە ٣٠ خولەک زیاتر نەبێت ، بەجۆرێک کە لەنێوان هەر پانێڵێک پارچە شەعرێکی کورت پێشکەش بکرێت پەیوەند دار بێت بەسروشتی کوردستان .

٦. دوای تەواو بونی چوار پانێل ڕاستەخۆ سوپاس و پێزانین لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران دەدرێت بە لایەنە بەشداربوەکان لە ڤیستیڤاڵەکەمان .

٧. دوای تەواو بونی پێدانی سوپاس و پێزانین ڕاستەوخۆ ڤیستیڤاڵ دەکرێتەوە و شریتی کردنەوەی دەبڕدرێت و سەردانی کردنی میوانان و سەردانی کەران بۆڤیستیڤاڵەکە دەست پێدەکات و ڤیستیڤاڵ تاکو درەنگانی شەو بەردەوام .

**حتم أحمد برايم**
**بەڕێوەبەری باخداری سۆران**
**سەرپەرشتیاری ڤیستیڤاڵ**
**/ ٤ / ٢٠٢٤**